# دوو نامەی کورتی لینین و هەڵوێستێک لە تەقدیسکردنی تاک

**مەحمود محەمەد عوسمان**
m_o_osman@hotmail.com

ئەم دوو نامەی لینین جێگاوڕێگایەکی تایبەتی هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕابەرانی شۆڕشی ئوکتۆبەر وە بەتایبەتی خودی لینین، و سەرنجڕاکێشیشە بۆ ئەو مامەڵەی کە لینین دیکرد بەپەیوەست بە ڕۆڵی تاک لە شۆڕشی سۆشیالیزمدا و تەقدیسکردنی ڕابەر، و گرنگیشە بۆ ڕاستکردنەوەی خوێندنەوەی شۆڕشی ئوکتۆبەر کە نەیارانی بەبەردەوامی هەوڵی ئەوە دەدەن گوایە مەودای ئازادی پێنووس و خامە بەرتەسک بوو. بەرەی دژ بە سۆشیالیزم پەنایان بردووە بۆ زانیاری و ئاماری هەڵە لە گێڕانەوەی سەردەمی شۆڕش، بەتایبەتی لە بوواری هونەر و ڕۆشنبیری و ئازادی ڕادەربڕین و زیرەکانە لایەنە نەگەتیڤەکانیان ئیبراز کردووە و بە سەدان شێوە لایەنە پۆزەتیفەکانیان شاردووەتەوە یان تەشویهیان کردووە. هەروەها ئەم نامەیە بەبیرهێنانەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە تێڕوانینەی لینینیان نەزانیوە پەیوەست بە سەرکردە و ئەدەب و هونەری مولتەزیم. با نامەکە بخوێنینەوە و پاشانیش دوو قسەی لەسەر دەکەم.

نامەی یەکەم:

پرۆژەی بڕیارێک ئاراستەی مەکتەبی سیاسی
کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسی( پەلشەفیک) کراوە،
دەربارەی وتارەکانی ئا.م. گۆرگی کە لە گۆڤاری( ئەنتەرناسوێنالی کۆمۆنیست) بڵاوکراوەتەوە.

ئەم بڕیارە پێشنیار دەکەم بۆ مەکتەبی سیاسی، دوای کۆکردنەوەی ئیمزا لەسەری.
بڕیارەکە: مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی وای بۆدەچێت ئەو وتارانەی گۆرگی کە لە ژمارە دووی گۆڤاری( ئەنتەرناسوێنالی کۆمۆنیست) بڵاوکراوەتەوە بە هیچ شێوەیەک پەسەند نییە، بەتایبەتی سەروتارەکە (29)، نەک لەبەر ئەوەی ئەم وتارانە هیچ مەسەلەیەکی کۆمۆنیستی تێدانییە، بەڵکو شتی زۆری تێدایە دژ بە کۆمۆنیست. لە داهاتوویشدا بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان ماوە نەدرێت بەم جۆرە وتارانە وبە یەکجاری قەدەغە بکرێن لە ( ئەنتەرناسوێنالی کۆمۆنیست).
لینین *
لە 1920/7/31

* هەروەها ئەم پرۆژەیە لەلایەن: ترۆتسکی، کریتینسکی، و لینین، ئیمزا کراوە.

زۆرێک ئەم نامەیان نەخوێندووەتەوە یان ئەگەر خوێندوویانەتەوە، ئەوا زۆربەیان نازانن بۆ ئەم بڕیارە پێشنیار کراوە لە لایەن سێ ڕابەری شۆڕشی ئوکتۆبەرەوە.
زۆربەمان خەیاڵمان بۆ ئەوە دەچێت ئاخۆ گۆرگی چیی نووسیبێت و چۆن بە توندی ڕەخنەی گرتبێت لە کۆمۆنیستەکان وەیاخود چی شێوازێکی لە نووسین بەکارهێنابێت دژ بە سەرکردەکان و حیزبی پەلشەفیک، کەوای لە هەرسێ کەسە خاوەن نفوزی ناو شۆڕشی ئوکتۆبەر کردبێت

بەتایبەتی خودی لینین کە پەنا بۆ ئەم بڕیارە ببەن و وتارەکانی گۆرگیٚ و هەر وتارێک لەم شێوەیە قەدەغە بکەن. بەڵام هیچ لەمانە نییە.
گۆرگی لەو وتارەیدا زۆر وسفی لینینی کردووە وەک سەرکردەیەک کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە شۆڕشیٚ ئوکتۆبەردا،( خۆ ڕاستییەکی تێدایە)، بەڵام هەموو ئەرکەکان و کارەکان واڕوونبکرێتەوە ئەگەر لینین نەبووایە ئەوا شۆڕش نەدەبوو، ئەوە جێگای گومانە. هەروەها لەو وتارە جێگەوڕێگەی لینین وەک ڕابەر دەستنیشان دەکات، لەلایەن کەسێکی ئاسای نا، بە قەڵەمی گۆرگی. ئاخر زۆر زەحمەتە بۆ کەسێک ڕابەربێت و خۆیشی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووبێت لە شۆڕشدا، بەم توندییە وەڵامی گۆرگی نووسەر بداتەوە. ئەمەیە پەروەردەی مارکس کە لە نامەیەکدا بۆ ولهلم بلۆس دەنووسێت لە ساڵی 1877: کورتەی نامەکە( زۆر بێزارم لە تاک پەرستن، وهەرگیز ماوە نادەم بە بڵاوکردنەوەی ئەو نامانەی کە ستایشم دەکەن هەرگیز، من و ئەنجلس لە پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی نهێنیی،مەرجێکمان دانا کەوا هەرچی بڕگەیەک پێوەندی هەبێت بە پەرستنی پیاوە مەزنەکانەوە بسڕێتەوە.)

ئەم نامەی تر: وێرای ئەوەی کە زۆر توند بوو بەرامبەر گۆرگی و ڕەحمی پێنەدەکرد و گۆرگیش حیزبی نەبوو، بەڵام چۆن یارمەتی هاوڕیانی دەدا بگرە زۆرتر یارمەتی گۆرگی دەدا، ئەمەش دەقی نامەکەیە:

بۆ ف.م. مۆلۆتۆف

بۆ ئەوەی بخرێتە پێش مەکتەبی سیاسی
کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسی( پەلشەفیک) .

کریستینسکی بۆی نووسیم، کە گۆرگی، بەبیٚ هیچ پارەیەک (ڕێغای) بەجێهێشتووە و هەموو هیوایەکی بەو خەڵاتە بەستووە کە لە لایەن ستۆمۆنیاکۆف وەریدەگرێت بە هۆی چاپکردنی کیتێبەکەی. کریستینسکی وای بۆدەچێت کە پێویستە ناوی گۆرگی لەگەڵ ناوی ئەو هاوڕێیانەدا بێت کە لەدەرەوەی وڵات چارەسەردەکرێن لەسەر دارای حیزب یان ئەنجومەنی نوێنەرایەتی گەل. بۆیە پێشنیار دەکەم کە پێشنیارێ پێشکەش کریستینسکی بکرێت لە ڕێگەی مەکتەبی سیاسیەوە وناوی گۆرگی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا دابنرێت و تەئکیدیش بکرێت کە گۆرگی پارەی تەواوی پێبدرێت بۆ چارەسەرکردن (30).
لینین
لە 1921/1/12